پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە سەیرکردنی لە ناکاو (بۆ ئافرەت)، «فەرمانی پێکردم کە چاوم وەربگێڕم (چاوم لابدەم لە سەیرکردنی ئافرەتەکە)

لە جەریری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە سەیرکردنی لە ناکاو (بۆ ئافرەت)، «فەرمانی پێکردم کە چاوم وەربگێڕم (چاوم لابدەم لە سەیرکردنی ئافرەتەکە)».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

جەریری کوڕی عبدالله -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بەوەی پیاو سەیری ئافرەتێکی نامەحرەم دەکات لەناکاو وبە نا ئەنقەست؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد بەوەی واجبە سەیری لایەکی تر بکات وچاوی لابدات لە سەیرکردنی ئافرەتەکە ؛ هەرکاتێك درکی پێکرد، وهیچ گوناهێکی لەسەر نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8902